# خۆپیشاندانی جەماوەری بەدژی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی ومامەلەی نەژاد پەرستانەی حکومەتی بریتانیا، نیوەندی شەقامی شارەکانی لەندەن و مانچستەر داگیردەکەن!

دۆینێ 19-11 لەسەر بانگەوازی هەردوو"رێکخراوی گیرانەوەی مندالانی پەنابەران راگرن!" و "فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی" دژ بەسیاسەتی گیرانەوەی پەنابەران، خۆپیشاندانیکی جەماوەری بەرفراوان لەهەردوو شاری لەندەن و شاری مانچستر بەریوەچوو.

لەشاری لەندەن خۆپشاندەران لەشەقامی ترفلگاسکۆیرەوە بەرێ کەوتن بەرو هاید پارك ولەوی جیگیربوون. لەشاری مانچستەریش خۆپشاندەران لە شەقامی ئۆکسفۆردەو بەرێ کەوتن بەرەو پیبیس گارد ولەوی کۆبوونەوەی جەماوەری گەورەیان سازدا. لەم خۆپیشاندانانەدا بە سەدان کەس لەپەنابەرانی کوردو رێکخراوە ئینسانی و پەنابەرییەکانی بریتانیا بەشداریان کرد.

خۆپشاندەران بەدرۆشمی "نا بۆ گیرانەوەی پەنابەران"، "نا بۆ سنوری دەستکرد نا بۆ نیشتمان"، "دیپۆرتی پەنابەران راگرن، عیراق وکوردستان نائەمنە"، "دەست لەسەر پەنابەرانی کورد هەلگرن"، "مافی پەنابەری مافی ئینسانە، نا بۆ دیپۆرتی مندالان".. لەگەل تیپی موسیقا و ووتنەوەی ئەو دروشمانە بەرێپیوان کە سەرنجی ریبواران وشەقامەکانی لەندەن و مانچستەری هینابوویە جۆش و پشتیوانی.

ئەم خۆپیشاندانە، هاوکات بوو لەگەل دەنگدانەوەی هەوالەکانی دیپۆرت کردنەوەی 15 کەس لەپەنابەرانی کورد بۆشاری هەولێر لە نیومیدیاو راگەیاندنەکانی دوینی وئەمرۆی بریتانیادا. کەلەنیو گەرمەی خۆپیشاندانەکاندا وبەمەبەستی وەرگرتنی راپۆرت و بلاوکردنەوەی راستەوخۆی دیمەنەکانی ئەم خۆپیشاندانانە لەرۆژنامە وکەنالەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆی محەلی وسەراسەری بەریتانیادا ئامادەی بووبوون. لەم نیوەدا کەنالی 4 لەگەل دەشتی جەمال چاوپێکەوتنیکان ئەنجام داو لەویدا پەنجەی خستەسەر ناوەرۆکی سیاسەتیکی دژی ئینسانی کەدەولەتی بریتانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی عیراقیدا گرتویەتییەبەر وهاوکات حکومەتی تۆنی بلیەری مسوول کرد لەبەرامبەر چارەنووسی ئەو پەنابەرە کوردانەی لەگرتووخانە دەست بەسرەکاندا راگیراون و بریارە رۆژی 20-11 رەوانەی کوردستان بکرینەوە، هەروەها دەشتی جەمال لەم دیدارەدا ئامازەی بەباری نائەمنی عیراق و کوردستان کرد و لەبارەی رووداوەکانەوە چەندین بەلگەی راستی سەبارەت بەتیرۆر و تەقاندنەوەو جەنگ و کوشتارو وزیندانی نهینی یەکان کە لەلایەن حکومەتی ئیستاوە ئاشکرا بووە، تا سەرکوتی ئازادی سیاسی لەکوردستان ورفاندنی نوسەران و ژن کوشتن و تەقەکردن لەخۆپشاندەران، خستەروو وە لەئاخریش دا لەسەر خواستەکانی ئەم خۆپشاندانەو کەمپینی فیدراسیۆن دووا و داوای لەسەرجەم خەلکی

ئازادیخواز و ریکخراوەکان کرد کەبۆپشتیوانی لەخواستی پەنابەرانی کوردی عیراق و راگرتنی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوە، کە خزمەت بەتیرۆریزم دەکات، راوەستن..
پاشن خۆپشاندەران لە هاید پارك کۆبونەوە دەشتی جەمال لەویش لەسەر گرنگی کاری ێپیکەوەیی وپیکهینانی بەرەیەکی فراوان لە ریکخراوەکان و ئەندام پەرلمان و کەسایەتییەکان بۆراوەستانەوە بەدژی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوە، قسەوباسی کرد، کەجیگای پشتیوانی ئامادەبووان بوو.
لەشاری مانچستەریش بەبەشداری سەدان کەس لەخۆپیشاندانەکەدا و بەوتنەوە وهەلبرینی هەمان ئەو دروشمانەوە کەلەسەرەوە ئامآژەی پیدراوە جولانەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری شکودار بەری خرا. (بورهان فەتاح) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر لەم خۆپیشاندانەدا قسەو باسێکی پێشکەش کرد کە تیا (باسی لە سیاسەتی دژە ئینسانی و نەژادپەرستانەی یاسای ژمارە 4 و سنووورداشکردنەوەی زۆرەملی کرد وە تا چەند ئەم یاسایە تەئسیری کاریگەر دائەنیت لەسەر نرخ و بەها ئینسانیەکانمان لەم وولاتەدا ولەسەر ئاکامە زیان بارەکانی یاسای ژمارە 4 و ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران ولەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان و نائەمنی و نائارامی قسەوباسی کرد.
هەروا ووتی کە چەندین سال لەمەوبەر وەختی یاسای داوای مافی پەنابەری هاتەکایەوە، بۆ ئەوەبوو کە ئینسانیك پەنای بردە بەر وولاتیکی تر ئەوا مافی پی بدریت، بەلام تازە لیرە حوکمەتی تۆنی بلیر خەریکە بە دڕندانەترین شیوە ئەومافە لە پەناهەندە ئەستینیتەوە. وەختیك ئیمە لیرە کۆئەبینەوە ئەوا چەندین پەنابەری کوردی لە گرتووخانەکاندان وە ئامەدەیان دەکەن بۆ ئەوەی سبەینێ دیپۆرتیان بکەنەوە، وە مامەلەی زۆر نا ئینسانیان لەگەل دەکەن ئەم قسەو باسانە بەپێشوازی گەرمی بەشداربوان رووبەروو بووە..
شایانیباسە سازدان و بەری خستنی ئەم خۆپیشاندانانەو ئەم بزوتنەوە نارەزایەتی یانە لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دایە کەلەچەند مانگی رابردووە بەدژ بەسیاسەتی دەولەتی بریتانیا وبەهاوکاری ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان بۆدیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی، بەرێی خستووە... خەبات و چالاکییەکانی ئیمە تابەرگرتن بەسیاسەتی دیپۆرتکردنەوە و بەدی هینانی خۆاستەکانی پەنابەران دریژەی دەبی..

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
2005-11-20
www. federasion. orgTel:0 7734704742